# کامێرای سێ ڕەهەندی




تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی بەرەو سێ ڕەهەندی واتە سێ لایی هەنگاو دەنێ، ئەو سێ ڕەهەندییە کامێرای وێنەگریشی گرتۆتەوە. کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی ئامێری دیجیتالی سەردەم، بچووکترین کامێرای سێ ڕەهەندی بەرهەمهێناوە. کامێراکانی جۆری WX5، TX9 تەنیا بە داگرتنی دوگمەی وێنەگرتن 15 وێنەی لە یەك کاتدا دەگرێت و هەرکام لەو وێنانەش لە گۆشەیەکی تایبەتەوە دەگیردرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەکە بە بەباشی بە شێوەی سێ ڕەهەندی ببینرێن.

کامێراکانی سێ ڕەهەندی سۆنی، تاکو ئێستا یەکەمین جۆری کامێرای سێ ڕەهەندین کە لەیەك لێنز (عەدەسە) سوود وەردەگرن و شێوەی وێنەگرتنیان پانە و دەکرێ هەر لە سەر شاشەی کامێراکە وێنەکە بە شێوەی سێ ڕەهەندی سەیر بکەی. هەردوو جۆری کامێراکەی سۆنی فیلمە ڤیدیۆییەکان بە دیقەی HD دەگرن، بەڵام توانای گرتنی فیلمی سێ ڕەهەندیان نییە.

## تەکنۆلۆژیای



### ئەلبۆمی دییجتالی سێ ڕەهەندی

پێدەچێ تەکنۆلۆژیای سێ ڕەهەندی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بێتە ناوی ژیانی خەڵکەوە، پێشتر فیلمی سێ ڕەهەندی هات و پاشان نۆرە گەیشتە تەلەڤزیۆنی سێ ڕەهەندی و کەناڵی سێ ڕەهەندی. ئێستاش نۆرە گەیشتۆتە ئەلبومی سێ ڕەهەندی. ئەو ئەلبومە دیجیتالییەی کە لە وێنەکەدا دیارە ئەلبومێکی سێ ڕەهەندییە، بۆ سەیرکردنی پێویستی بە چاویلکەیەکی تایبەت نییە تاکو وێنەکە ببینی، بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێ حەتمەن وێنەکە بە شێوەی سێ ڕەهەندی گیرابێ.



### ئامێرێکی دیجیتالی بۆ کابانەکانی ماڵەوە


ئەو ئامێرەی کە دەیبینن، ئامێرێکی دیجیتالیە کە هەر خواردەمەنییەك لەسەری دابنێی لە ڕێگەی کامێرایەکی سێ ڕەهەندییەوە دیاری دەکات کە خواردەمەنییەکە جۆرەکەی چییە و دەستبەجێ زانیاری سەبارەت بە شێوەی لێنان و کاتی لێنانەکەی نیشان دەدات. لە داهاتوودا ئامێرەکە تەنیا ئەرکی دەستنیشانکردنی خواردەمەنییەکە و شێوەی لێنانەکەی نابێ، ڕەنگە کابانەکان خانەنشین بکات و خۆی چێشتەکەش لێبنێ.

# مۆبایلی فیتەر




هەروەك چەندین جار ئاماژەمان پێداوە، مۆبایل لە داهاتوودا شوێنی هەموو شتێك دەگرێتەوە، كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنی ئۆتۆمبێل لە بەریتانیا، مۆبایلێكی بەرهەمهێناوە كە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی گرفتە تەكنیكەكانی ئۆتۆمبێل دەدۆزێتەوە. ئەو سیستەمەی كە لە مۆبایلەكەدایە بە Audi cam ناسراوە، ئەو هەلە بۆ شۆفێران دەرەخسێنێ كە بە سوود وەرگرتن لە كلاوی تایبەت كە كامێرایان لەسەرە و هەروەها ئەو سیستەمەی كە وەك مۆبایل دەچێت، لە ڕێگەی شەپۆلەكانی رادیۆییەوە گرفتە تەكنیكەكانی ئۆتۆمبێلەكە لە شاشەكەدا ببینن.

# دیجیتالی نوێ



## دكتۆری كۆمپیوتەر!

زۆرجار لەناكاو كۆمپیوتەرەكەتان دەكوژێتەوە، یان رادەوەستێ، یان گرفتێكی لەناكاوی دێتە پێش، بەڵام ئەگەر ئەو دكتۆرە نوێیەی كۆمپیوتەر كە بە Sentry LXE ناسراوە لەگەڵ كۆمپیوتەرەكەت لە پێوەند دابێ، ئیدی ئەو شتە روو نادات، چونكە ئەو ئامێرە خێرایی كۆمپیوتەرەكەت، گرفتی پارچەكانی كۆمپیوتەرەكەت سات بە سات نیشان دەدا.



## تەكنەلۆژییەك لە سەرووی لەمسەوە

كۆمپانیای مایكرۆسۆفت بەرەبەرە سنووری كارەكانی هەر لە چوارچێوەی دروستكردنی پرۆگرام و سۆفتوێردا نامێنێ و پێی دەنێتە ناو جیهانی هاردوێرەوە. لەم دواییانەدا كۆمپانیای مایكرۆسۆفت رایگەیاند كە تەكنۆلۆژییەكی نوێی بەرهەمهێناوە كە كامێرایەك لە پشت كۆمپیوتەرەكە دانراوە بەهۆیەوە دەكرێ بەبێ ئەوەی دەست لە شاشەكە بدەی، فەرمانەكانت جێبەجێ بكەی.

# مۆبایل

# به بێ هێڵ ئیش دەکات

تیمێك لـه توێژەرەوانی بواری IT له ئوستراليا، تەکنۆلۆژییەکی نوێیان بەرهەمهێناوه که پێوەندی گرتن بـه مۆبایل تەنانەت لەو شـوێنانەی که هیچ هێڵیش نییه دەرەخسێنێ.

توێژەرەوانی زانستی کۆمپیوتەر له زانکۆی فلایندزری له ئوستراليا به سوود وەرگرتن له هێڵی Wifi که بۆ پێوەندی ئینتەرنێتی دەگونجێت، دەتوانن هێڵی مۆبایلیش پەره پێبدەن. ئەو تەکنۆلۆژییه نوێیه له داهاتوودا گۆڕانکارییەکی نوێ له پێوەندی گرتن به مۆبایل پێکدێنێ، چونکه له زۆر شوێندا هێڵی تۆڕه خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل نامێنێ. بەتایبەت له چیا و شوێنه دووره دەستەکان.




# تەکنەلۆژیای داهاتوو له

کۆمپانیای نیسـان لەم رۆژانەدا یەکەمیـن ئۆتۆمبێلی ئەلکتریکی خـۆی بەناوی Leaf بەرهەمهێنا، دیـاره بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلێك که به وزەی پاتری کاربکات، چەند سـاڵێك دەبێـت بیری لێکراوەتەوه و هەنـگاوی بۆ نراوه، بەڵام تا ئێسـتا به بەرفرەیی دروسـت نەکراوه، تەنیـا ئەوەی هەبووه زیاتر لایەنی ریکلام و پڕوپاگەندەی هەبووه. بەڵام کۆمپانیای نیسـان پێیوایه به بەرهەمهێنانـی ئەو ئۆتۆمبێله ئیدی به







# بەرێگاوه کورته پەیام بنێره

رەنگه بـۆ ئەوانەی که بەردەوام خەریکی کورته پەیام ناردنن ئەوه تا رادەیەك هەواڵێکی دڵخۆشـکەر بـێ، لەم دواییانەدا پرۆگرامێك بەناوی Road SMS بەرهەم هاتووه که دەکرێ له شـەقامه قەرەباڵغەکان، یان لەکاتی رۆیشـتندا کورته پەیام بنێری، بەبێ ئەوەی مەترسـی بەربوونەوەت هەبێ. بەسـوود وەرگرتن لـه کامێرای هاندەکه دەکرێ لەکاتی رۆیشـتندا به جوانی پێش خۆت ببینی و کورته پەیامیش بنێری.

# مۆبایلی HTC دەبێتە کاتژمێر سەر مێز




لە فیلمە خەیاڵییەکاندا دەبینرێت، ئامێرێك دەبێتە چەك و فرۆکە و بەلەم و هەرچی مرۆڤ پێویستی پێی بێ دەبێتە ئەو.. مۆبایل لەم سەردەمەدا شوێنی ئەو ئامێرەی گرتۆتەوە، مۆبایل دەبێتە کامێرا، ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر، ریکۆردەر، کاتژمێر...هتد.

هاندە نوێیەکەی HTC دیزاینەکەی وەك کاتژمێری سەرمێز دروستکراوە، ئەو هاندەی مۆبایل شاشەیەکی گەورەی لەمسی لەگەڵدایە، تەنیا یەك دوگمەی هەیە. گشت بەشەکانی هاندەکە بەهۆی شاشە لەمسییەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. کاتێك لەسەر مێز دادەنرێت تەواو دەبێتە کاتژمێرێکی سەرمێز.

# خزمەت ژینگەدا دەبێ

جددی کار دەکات بۆ پەرەپێدانی ئۆتۆمبێلی ئەلکتریکی کە پێویستی بە وزەی سووتەمەنی نییە. ئەو ئۆتۆمبێلە بچووکترین زیان بە ژینگە ناگەیەنێت. بە یەکجار شەحن کردنەوە دەکرێ تاکو 160 کیلۆمەتر لێخوڕی، خێرایی ئۆتۆمبێلەکە تاکو 140 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. پاترییەکەی بە 8 کاتژمێر بە کارەبای ماڵەوە و هەروەها بە نیو کاتژمێر لە وێستگەی تایبەتی خۆیەوە شەحن دەکرێتەوە.






# ئەختەبوتەکەی ئەلمانیا رکابەرێکی نوێی بۆ پەیدا بوو

«پێل» ئەو هەشت پێەی کە لە مۆندیالی ئەمساڵدا دەنگ و هەرایەکی زۆری نایەوە و گشت پێشبینییەکانی راست دەرچوون، بەم دواییە لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا رکابەرێکی نوێی بۆ پەیدا بوو. کۆمپانیایەکی بەرازیلی پرۆگرامێکی بەرهەمهێناوە بەناوی «لە ئەختەبوتەکە بپرسن» کە لەو پرۆگرامە نوێیەدا دەکرێ لە نێوان دوو شتدا یەکێکیان هەڵبژێری، بۆ نموونە ئافرەتێك نیازی هەیە جلێك بکرێ، لە پرۆگرامە نوێیەکەدا لە نێوان دوو جۆرە جلدا بەشێوەیەکی رەمەکی پێی دەڵێ کامەیان هەڵبژێری. یان لە نێوان دوو خواردندا، یان لە نێوان هەر شتێکدا کە مەبەستتە. ئەو پرۆگرامە تایبەت بە مۆبایلی جۆری ئایفۆن. تۆ بڵێی پێشبینییەکانی ئەختەبوتیشی مەجازیش راست دەربچن؟!



بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com